# رابلێ، فەرهەنگی کومیکی جەماوەریی،

## کەرنەڤاڵ، ریالیزمی گروتسك



**میخایل باختین**

**و: هادی محەمەدی**

**سەرەتا**

ساڵی ١٩٩٤ لە گۆشە و کەناری جیهان، پێنجسەدەمین ساڵی لەدایکبوونی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی، فرانسووا رابلێ (١٤٩٥-١٥٥٣) پیرۆزکرا. رابلێ لەو نووسەرانەیە کە قۆناغی وەرچەرخانی مێژووی جیهان دەنووسنەوە. ئەم نووسەرانە لەگەڵ جیهانێکی ناتەواو و روو لە گۆڕان بەرەو ڕوون، کە لە رابردووی روو لە رووخان و داهاتووی روو لە گرسان پێکهاتووە. بەرهەمەکانی ئەوان تەژی لە داهاتوویەکە کە هێشتا بەشێوەی بەرهەست ئاراستە نەبووە. ئەم بەرهەمانە هێشتا سرووشتێکی نامۆیان هەیە، واتە لەگەڵ دابونەریتی دارزیوی دۆگم و دیسپۆتیك (سەرەڕۆیانە) دژایەتی دەکەن. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی رابلێ سەرەڕای چێژ و بەهای هونەریو ئەدەبی، گرنگی و مانای تایبەتی هەیە: مرۆڤی ئەم چەرخەش، ئێستا

وەك سەردەمی رابلێ، لە قۆناغی وەرچەرخانێکی مێژووییدا بەسەردەبات. مرۆڤی دەردەداری هاوچەرخ، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، بە نرخی ئێجگار گرانی ستەم و بێداد و شەڕ و شۆڕشی جۆراوجۆر، بە گۆشت و ئێسقانی خۆی، بێهێزیی سۆسیالیزمی رۆژهەڵاتی و سەرمایەداریی رۆژاوایی بۆ دابینکردنی رەفاو ئازادی و یەکسانیی ئەزموون کرد. ئەم دوو سیستمە بەم هۆیە ئەمیان روخاو ئەویان بەرەو فەوتان دەڕوا، چونکە نەیانتوانی کێشەکانی مرۆڤ چارەسەر بکەن و رێگەی گەشە و پشکووتنی هەمەلایەنەی وزە و تواناکانی مرۆڤ هەموار بکەن. ئێستا مرۆڤی نائومێد لەم دوو سیستمە چاوی لە داهاتوو بڕیوە، تا بە دارشتنی پلانێکی نوێ، بە شادی و ئازادی و یەکسانیی راستەقینە بگات. هەر لەم سەردەمەدا و بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیە کە بەرهەمەکانی رابلێ رۆڵی گرنگ و کارساز دەگێڕن. رابلێ سەمبوڵی پرشنگدار و ستایشکاری ئەو چەمك و بەها سەردەم سازانەیە کە ژێرخانی مەعنەوی تێکڕای گەشەی مرۆڤ و دنیا بە درێژەی پێنجسەد ساڵ پێکدێنن. بەهایەك کە ئێستا و لە چواردەوری دنیادا لەلایەن سیاسەتمەدارانی دەسەڵاتدارەوە گاڵتەی پێدەکرێ. دەسەڵاتدارانی رۆژاوا بە ریاکاری و دیکتاتۆرانی ناوچەش، بە هەرەشە و سووکایەتی باسی ئەم چەمکانە دەکەن. چەندین بەهای بەرزی وەك ئازادی، یەکسانی، مرۆڤدۆستی، شادیخوازی و ژیانویستی، دادخوازی، تولێرانس، ئەندێشەی رەخنەگرانە، دژایەتیی ستەم و دژایەتیی دۆگماتیزم ... هیوادارین کە جێژنی پێنجسەد ساڵەی لەدایکبوونی رابلێ سەرنجی هەموو چەوساوەکان و بەتایبەت خەڵکی وڵاتی ئێمە بەرەو ئەم چەمکانە رابکێشێ.

**«وەرگێڕی فارسی»**

* * *

لە وڵاتی ئێمە لەنێوان هەموو نووسەرانی ئەدەبیاتی جیهانیدا، فرانسووا رابلێ، کەمتر لە هەمووان ناسراوە و کەمتر لە هەمووان باسو توێژینەوەی لەسەرکراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە رابلێ، لە ریزی یەکەمی نووسەرانی ئەورووپاییدایە. بلینسکی، رابلێ بە کەسێکی ناوازەو بە «ڤۆلتێر»ی سەدەی شازدەهەم دەزانێ و بەرهەمەکانی ئەوی وەك باشترین بەرهەمی سەدەکانی رابردوو دەبینێ. نەریتی پسپۆرانی ئەورووپی ئەوەیە کە -بەهۆی توانایی لە بواری هونەرو ئەندێشەداو بەهۆی گرنگیی مێژوویی- بەخێرایی رابلێ وەك شکسپێر و بە هاوئاستی ئەو دەزانن. رۆمانتیکە فەرانسییەکان، بەتایبەت ڤیکتۆر هوگۆو شاتو بریان، رابلێ لە ریزی گەورەترین ناوازەکانی جیهان بەدرێژایی هەموو سەدەو سەردەمەکان، لەنێو هەموو گەلاندا دەزانن. لە رابردوو و ئێستاشدا، نەك هەر رابلێیان وەك نووسەرێکی پلە یەك زانیووە، بەڵکو وەك شارەزاو پێغەمبەرێکی بەرز ناوی دەبەن.

ئەڵبەت هەرجۆرە داوەری و لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە رێژەییە. ئێمە ناڵێین دەبێ جێگای رابلێ لە ئاستی شکسپێر یان سەرتر یان ژێرتر لە سروانتس دیاری بکرێت، بەڵام بێگومان پێگەی مێژوویی رابلێ، لەنێوان خولقێنەرانی ئەدەبیاتی نوێی ئەورووپادایە، یانی لە کەنار (دانتێ، بوکاتچو، شکسپێر و سروانتس) دایە. رابلێ (رەنگە بە رادەی سروانتس) نە هەر لە دیاریکردنی زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسا، بەڵکو لە ئەدەبی جیهانیشدا رۆڵی سەرەکیی گێڕاوە. بێگومان رابلێ لەنێوان پێشەنگانی ئەدەبیاتی نوێدا لە هەمووان ئازادیخوازترە. بەڵام بەرای ئێمە گرنگترین تایبەتمەندیی ئەو لەوەدایە، کە لە چاو نووسەرانی تر پێوەندییەکی قووڵ و چڕوپڕی لەگەڵ سەرچاوەی جەماوەری، سەرچاوەی تایبەتی کولتووری خەڵك هەیەو ئەم سەرچاوەیە تێکڕای سیستمی وێنەکانو هەروەها روانگەی هونەریی ئەوی دیاری کردووە.

وەك رۆشنە ئەوە خەسڵەتی جەماوەریی تایبەت و ریشەی وێنەکانی رابلێیە، کە ئایندەی هەرە پرشنگدارو سەمەرداری بەرهەمەکانی ئەوراڤەدەکات ـ «میشلە»ش بە دروستی ئاماژەی بەم خاڵە کردووە. هەر ئەم خەسڵەتە جەماوەرییەیە کە «رەهەندی نائەدەبیی» رابلێ رۆشن دەکاتەوە. مەبەستم ناسازگاریی وێنەکانی رابلێ، لەگەڵ ژانرەکان و یاساکانی هونەریی ئەدەبییە کە لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە تا سەردەمی ئێمە برەویان هەبووە. رابلێ، ئێجگار زیاتر لە شکسپیر یان سروانتس، کە تەنیا بە لادان لە ژانرە نەریتییە داخراوەکانی سەردەمی خۆیان رازی دەبن، ئەم دابونەریتانەی تێپەڕاندووە. لە وێنەکانی رابلێدا جۆرێك «خەسڵەتی نارەسمی» کاولکار و لێبڕاوانە

نه‌خشی به‌ستووه، به‌جۆرێك كه هیچ جۆره دۆگماتیزم ده‌سه‌ڵات و جدیی بوونی یه‌كلایه‌نه قه‌بووڵ ناكات، چونكه وێنه‌كانی رابلێ له‌گه‌ڵ هه‌ر جۆره ئه‌نجامێكی حه‌تمیی، هه‌ر جۆره سه‌قامگیریی، هه‌ر جۆره جدیی بوونی داخراو، هه‌ر جۆره كۆتایی و روانگه‌ی حه‌تمی له بواری ئه‌ندێشه‌و جیهانبینیدا، به‌توندی دژایه‌تی ده‌كه‌ن.

هۆكاری ته‌ریكبوونه‌وه‌ی تایبه‌تی رابلێ، له سه‌ده‌كانی دواتردا هه‌ر ئه‌م پرسه‌یه: به له‌پێشگرتنی هیچكام له‌و ره‌وتانه‌ی كه داهێنانی هونه‌ری و ئه‌ندێشه‌ی تیۆریی ئه‌وروپای بورژوایی به درێژایی ئه‌م چوارسه‌ده بڕیویه، ناتوانین به‌و بگه‌ین. ئه‌گه‌ر له‌م مه‌ودایه‌دا له‌گه‌ڵ زۆرێ له ستایشكاران و شه‌یدایانی رابلێ به‌ره‌ورووڕ ده‌بین، قه‌ت نرخاندن و راڤه‌كردنی هه‌مه‌لایه‌نه‌ی به‌رهه‌مه‌كانی ئه‌و به زمانی رۆشن نابینین. ئه‌و رۆمانتیكانه‌ی كه ویستویانه سه‌رله‌نوێ رابلێ راڤه‌بكه‌ن، وه‌ك چۆن شكسپێر و سروانتس ده‌بینن، ناشتوانن كلیلی ده‌ركیی به‌رهه‌مه‌كانی رابلێ بدۆزنه‌وه‌و قه‌ت له جۆرێك سه‌رسووڕمانی ستایشئامێز واوه‌تر نه‌چوون. زۆرن ئه‌و كه‌سانه‌ی كه له رابلێ بێزارن، به‌ڵام زۆربه‌یان رابلێ ده‌رك ناكه‌ن هه‌تا ئه‌مڕۆش وێنه‌كانی رابلێ تا ڕاده‌یه‌كی زۆر به‌شێوه‌ی ره‌مزاوی ماوه‌ته‌وه.

تاقه رێگای كه‌شفی ئه‌م ره‌مزانه تۆژینه‌وه‌ی قووڵی سه‌رچاوه‌ی جه‌ماوه‌ریی به‌رهه‌مه‌كانی رابلێیه. هه‌رچه‌ند رابلێ له تاكێكی ئیزوله ده‌چێ، كه له‌نێوان ناودارانی ئه‌ده‌بیاتی ئه‌م چوار سه‌ده‌یه‌دا له هیچ كه‌س ناچێ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر به وردی له به‌ستێنی كولتووری جه‌ماوه‌ری بتۆژینه‌وه، تێده‌گه‌ین كه وێنه‌كانی ئه‌و، له ره‌وتی ئاڵوگۆڕی هه‌زاران ساڵه‌ی كولتووری جه‌ماوه‌رییدا پێگه‌یه‌كی هه‌ره شیاو و به‌رجه‌سته‌یان هه‌یه.

رابلێ به‌و هۆیه وه‌ك دژوارترین نووسه‌ری كلاسیك حساب ده‌كرێت، چونكه ده‌ركی به‌رهه‌مه‌كانی به‌م هۆكارانه به‌ستراوه: ئاڵوگۆڕی بنه‌ڕه‌تیی هه‌موو دیدگا هونه‌ری و فكرییه‌كان، توانای تووڕدانی هه‌ندێ ماتریالی له‌مێژینه و ریشه‌داری زه‌وقی ئه‌ده‌بی، پێداچوونه‌وه‌ی زۆرێك له چه‌مكه‌كان و به‌تایبه‌ت تۆژینه‌وه‌ی قووڵ و هه‌مه‌لایه‌نه له بواری كولتووری كومیكی جه‌ماوه‌رییدا كه تا ئێستا به ده‌گمه‌ن وه‌ها كارێك كراوه.

به‌ڵێ، رابلێ دژواره، به‌ڵام له به‌رامبه‌ردا ئه‌گه‌ر به‌رهه‌مه‌كانی به دروستی راڤه‌بكرێن، ده‌ركی فه‌رهه‌نگیی كومێكی جه‌ماوه‌ریی چه‌ند هه‌زار ساڵه كه له ئه‌ده‌بیاتدا ئه‌و وته‌بێژی به‌رجه‌سته‌ی ئه‌و فه‌رهه‌نگه بووه، هه‌موار ده‌كات. كه‌وابوو ده‌بێ رۆمانه‌كانی رابلێ كلیلی په‌رستگه به‌شكۆكانی كولتووری كومیكی جه‌ماوه‌ریی بێت، كه به ده‌گمه‌ن كه‌سانێك سه‌رنجیان پێداوه و به زۆری به شه‌قڵنه‌شكاوی ماوه‌ته‌وه. به‌ر له گه‌یشتن به‌م په‌رستگانه، دۆزینه‌وه‌ی ئه‌م كلیله رۆڵی سه‌ره‌كی هه‌یه.

مه‌به‌ستی ئه‌م پێشه‌كییه گه‌ڵاڵه‌كردنی پرسی كولتووری كومیكی جه‌ماوه‌رییه له چاخی نێوه‌ڕاست و رنێسانسداو دیاریكردنی ره‌هه‌نده‌كان و پێناسه‌كردنی تایبه‌تمه‌ندییه ره‌سه‌نه‌كانی ئه‌م كولتووره‌یه.

وه‌ك وتمان، خه‌نده‌ی جه‌ماوه‌ری یه‌كێ له‌و چه‌مكانه‌یه كه له تۆژینه‌وه‌كاندا قه‌ت سه‌رنجی پێنه‌دراوه. بۆچوونی داخراو له‌مه‌ڕ خه‌سڵه‌تی جه‌ماوه‌ری و كولتووری خه‌ڵك كه به‌رهه‌می سه‌رده‌می پێش رۆمانتیك بوو و هردێر و رۆمانتیكه‌كان په‌رداخیان كردبوو، كولتووری تایبه‌تی شوێنه گشتییه‌كان و كولتووری جه‌ماوه‌ری به هه‌موو فراوانی و ده‌ركه‌وته فره‌چه‌شنه‌كانییه‌وه، به‌ته‌واوی پشتگوێ ده‌خست. ته‌نانه‌ت دواتریش شاره‌زایانی كولتووری خه‌ڵك و مێژووی ئه‌ده‌بیی، خه‌ڵكی ده‌م به خه‌نده‌ی شوێنه گشتییه‌كانیان، به شیاوی تۆژینه‌وه‌ی قووڵ و وردبینانه‌ی كولتووری، مێژوویی، فولكلۆریك، یان ئه‌ده‌بیی نه‌ده‌زانی. له چه‌ندین تۆژینه‌وه‌ی بێ ئه‌ژماردا له‌مه‌ڕ دابونه‌ریته‌كان، ئه‌فسانه‌كان، به‌رهه‌می فولكلوری عاتفی و حه‌ماسی، خه‌نده به‌رده‌وام كه‌مترین رۆڵی هه‌بووه. ته‌نانه‌ت به‌داخه‌وه سرووشتی تایبه‌تی خه‌نده‌ی جه‌ماوه‌ری به‌ته‌واوی چه‌واشه‌كراوه، چونكه ئه‌م خه‌نده‌یه به كۆمه‌ڵێك چه‌مك و ئه‌ندیشه‌ی ته‌واو بێگانه به‌یان ده‌كه‌ن، ئه‌ندێشه‌یه‌ك كه له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی فه‌رهه‌نگ و ستاتیكی بورژوایی سه‌رده‌می مودێرندا پێكهاتووه. به سه‌رنجدان به‌م پرسه ده‌توانین به‌ئاسانی بڵێین، كه ره‌سه‌نایه‌تیی قووڵی كولتووری كومیكی جه‌ماوه‌ریی رابردوو، تا ئێستا قه‌ت راڤه‌نه‌كراوه.

سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش، گرنگی و قووڵیی ئه‌م فه‌رهه‌نگه

له چاخی نێوەڕاست و ڕێنسانسدا بەرچاو بووە. دنیای بێپایانی شێواز و دەرکەوتەکانی خەندە، لەگەڵ فەرهەنگی ڕەسمی، لەحنی جدی، دینی و فیوداڵی دژایەتیی کردووە. ئەم شێواز و دەرکەوتانە بە هەموو فرەچەشنی خۆیانەوە لە ستایلدا یەکپارچەن، یانی هەموو توخم و بەشەکانی فەرهەنگی کومیکی جەماوەری و بەتایبەت فەرهەنگی یەکەو تۆکمەی کەرنەڤاڵ پێکدێنن.

دەکرێ جلوە و ئاراستە جۆراوجۆرەکانی ئەم فەرهەنگە بە سێ دەستەی مەزن دابەش بکەین:

١.فۆرمە نەریتی و شانۆییەکان (جێژنەکانی کەرنەڤاڵ، کۆمەڵێك شانۆی کومیکی جۆراوجۆر، کە لە شوێنە گشتییەکاندا پیشان دەدرێن).

٢.بەرهەمـــــــی کومیکـــــــی کەلامــــی (لەوانە لاســـاییکردنەوەی گاڵتەیی) جۆراوجۆر: نووســـراوو زارەکی، بە زمانی لاتین، یان زمانەکانی تر.

٣.فۆرمە جیاوازەکان و ژانری واژە خۆمانی و نزمەکان (جنێوەکان، وتە ناشیاوەکان، ستایشەکان، یان هەجوی جەماوەری و شتی لەم چەشنە).

ئەم سێ دەستەیە بەپێچەوانەی یەکدەست نەبوونیان، جیهانبینەییەکی کومیکی یەکپارچە پێکدێنن، کە بە قووڵی لێکبەستراون و بە شێوەی جۆراوجۆر تێکەڵ بە یەکتر دەبن.

جێژنەکانی کەرنەڤاڵی هاوکات، لەگەڵ دابونەریتی کومیك، لە ژیانی مرۆڤی چاخی نێوەڕاستدا، جێگایەکی هەرە بەرینیان هەبوو... هەموو فۆرمە جیاوازەکانی ئەم نەریت و نمایشانە لەگەڵ فۆرمەکانی پەرستشی نەریتی ڕەسمیو جدی کڵێسا، دەوڵەتی فیۆداڵی، جیاوازیی بەرچاویان هەبوو و ئەو دیمەنەی کە لە دنیا و مرۆڤ و پێوەندیی مرۆڤایەتی ئاراستەیان دەکرد، تەواو جیاواز، بە ئەنقەست نارەسمیو سەربەخۆ، لە دەوڵەت و کڵێسا بوو. گوایە لە پاڵ دنیای ڕەسمیدا دنیایەکی ترو ژیانێکی تریان پێکهێناوە، کە هەموو خەڵکی چاخی نێوەڕاست کەم تا زۆر لەودا تێکەڵ بووبوون و لە کاتە تایبەتەکاندا لەودا دەژیان. ئەم پرسە جۆرێك دوالیزمیی جیهان دەخولقێنێو دەبێ جەختی لەسەر بکەین، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم پرسە، نە دەتوانین وشیاریی کولتووریی چاخی نێوەڕاست دەرك بکەین و نە ژیاریی ڕنێسانس. گرنگینەدان بە خەندەی جەماوەریی چاخی نێوەڕاست، دیمەنی هەموو ئاڵوگۆڕە مێژووییەکانی کولتووری ئەورووپا لە سەدەکانی دواتردا بەرئاوەژوو دەکات.

لە قۆناغی ژیاری سەرەتایی مرۆڤیشدا ڕەهەندی دوو چەشنی ژیان و جیهانبینی هەبوو. لە فۆلکلۆری خەڵکانی سەرەتاییدا، هاوکات لەگەڵ دابونەریتی جدی... نەریتی کومیکیش... دەبینرێ. لە کەنار ئەفسانەی جدیدا ئەفسانەی کومیك و گاڵتەییش دەبینرێ... بەڵام لە قۆناغی سەرەتایی شارستانییەتدا، لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا، کە هێشتا نە دەوڵەت پێکهاتبوو، نە چینە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەهەندی جدی و کومیکی خودایی، دنیاو مرۆڤیش ئەوجۆرە کە دەبینرێ، پیرۆز و بە وتەیەك «ڕەسمی» بوون... بەڵام کاتێ کە سیستمی چینایەتی و دەوڵەت پێکدێ، دانی مافی یەکسان بەم دوو ڕەهەندە ئیمکانی نییە، بەجۆرێك کە فۆرمە کومیکەکان -هەندێ زووتر و هەندێ دێرتر- سیمایەکی نارەسمی بەخۆوە دەگرن، مانایان دەگۆڕێت، قووڵو ئاڵۆز دەبنو سەرئەنجام وەك فۆرمی سەرەکی بەیانی جیهانبینیی جەماوەری و کولتووریی جەماوەریی دەردەکەون. ئەم پرسە بەتایبەت لەمەڕ جێژنی کەرنەڤاڵی دنیای کۆن... هەروەها لەمەڕ کەرنەڤاڵی چاخی نێوەڕاست دروستە، کە بێگومان لەگەڵ خەندەی نەریتی کۆمەڵگەی سەرەتایی جیاوازیی زۆری هەیە.

دابونەریتو شانۆی کومیکی چاخی نێوەڕاست، چ خەسڵەتو تایبەتمەندییەکی هەیە، سرووشت و گەوهەری ئەو چۆن دیاری دەکرێ؟

بێگومان ئەم نەریتانە وەك نەریتە دینییەکان نین. چەمکی کومیك کە بەسەر هەموو نەریتێکی کەرنەڤاڵیدا زاڵە، ئەم نەریتانە لە هەر چەشنە دۆگماتیزمێکی دینیو کلیساییو دنیاپەرێزیو سۆفیگەری دەپارێزێ. هەروەها ئەم جێژنانە لە هەر چەشنە خەسڵەتێکی ئەفسوونیی دوعاخوێندن بەدوورن و بەتەواوی لە دەرەوەی دینو کڵێسادانو لەگەڵ ڕەهەندێکی تەواو جیاوازیی ژیانی ڕۆژانە لە پێوەندیدان.

ئەم نەرێتانە بەهۆی چارەنووسی بەرهەست و کونکرێتیی خۆیانو بەهۆی هەبوونی بەهێزیی توخمی یاری زیاتر بەشێوەی هونەری و وێنەیی یانی بەشێوەی نمایش و شانۆ دەردەکەون. گومانی تێدا نییە، کە

ئەم فۆرمانە لە چاخی نێوەڕاستدا زیاتر لە کەرنەڤاڵی جەماوەری دەچن و وەك بەشێك لە نەریتی کەرنەڤاڵ حساب دەکرێن. بەڵام کاکڵی ئەم کولتوورە یانی کەرنەڤاڵ، قەت فۆرمی پەتیی هونەری شانۆیی نییەو بەگشتی لە بواری هونەردا جێگیر نابێت. کەرنەڤاڵ لەنێوان هونەرو ژیاندایە. لە راستیدا کەرنەڤاڵ خودی ژیانە کە بەشێوەی یاری ئاراستە دەکرێت.

چەمکی سەرەکی کەرنەڤاڵ جۆرێك لادانی کاتی لە ژیانی ئاسایی (رەسمی) بووە. کەرنەڤاڵ فۆرمێکی هونەریی شانۆیی نەبووە، بەڵکو فۆرمێکی بەرهەست (بەڵام کاتی) لە خودی ژیان بووە، کە نە تەنیا لەسەر شانۆ پیشان دراوە، بەڵکو بە وتەیەك (لە درێژەی کەرنەڤاڵ)دا ئەزموون کراوە...

بەکورتی، لە درێژەی کەرنەڤاڵدا ئەوە خودی ژیانە کە یاری دەکرێت و لە مەودایەکی دیاریکراودا یاری دەبێتە ژیان. سرووشتی تایبەتی کەرنەڤاڵ، کە شێوازێکی تایبەتی ژیانە هەر لەم پرسەدایە.

کەرنەڤاڵ ژیانی دووهەمی خەڵکە کە لەسەر بنەمای خەندە راوەستاوە. ژیانی جێژناوی خەڵکیو جێژن تایبەتمەندیی بنەڕەتی هەموو شێوازێکی دابونەریتی کومیکی چاخی نێوەڕاستە.

جێژنەکان (هەموویان) شێوازێکی سەرەتاییو بەرجەستەی ژیاری مرۆڤن. نابێ جێژنەکان بە بەرهەمی بارودۆخ و بە ئاکامی کاری کۆیی بزانین، یان بە وتەیەکی سادەتر بە زادەی پێویستی سرووشتی (جەستەیی) بە پشووی وەرزی بزانین. جێژنەکان هەمیشە ناوەرۆکی بنەڕەتیو مانای قووڵیان هەیەو بەردەوام جۆرێك جیهانبینی بەیان دەکەن. هەرگیز هیچ «کردارێك»، بۆ رێکخستن و گەشەپێدانی پرۆسەی کاری کۆیی، هیچ «یارییەك لە درێژەی کاردا»، هیچ پشوو یان وەستانێك لە کاردا لەخۆڕا نەبووەتە جێژن. بۆ ئەوەی ئەم دیاردانە ببن بە جێژن، دەبێ توخمێکی رەهەندێکی دیکەی ژیان، توخمی بواری فکر و ئەندێشە، لەگەڵ ئەوان پێوەند بدرێت. سەلماندنو گەشەسەندنی جێژنەکان بەپێی ماتریاڵ و بارودۆخی حەتمی ناخولقێت، بەڵکو بەهۆی ئامانجە بەرزەکانی ژیانی مرۆڤ، یانی بەپێی دنیای ئەندێشە و ئامانجەکان پێکدێت. لە سیستمی فیۆداڵی دەسەڵاتداریی چاخی نێوەڕاستدا چەسپانی هەمەلایەنەی ئەم خەسڵەتەی جێژنەکان، یانی پێوەندییان لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانی ژیانی مرۆڤ، ئاخێز و بووژانەوە، ئیمکانی نەبووە مەگەر لە کەرنەڤاڵ و لە جیلوەی جەماوەری و گشتیی جێژنەکانی تردا. لەم کاتەدا جێژن وەك دووهەمین ژیانی خەڵك کە بەشێوەی کاتی دەهاتنە نێو دنیای خەوناویی ئازادی، یەکسانی و فراوانی دەرکەوتووە. بەڵام جێژنە رەسمییەکانی چاخی نێوەڕاست -جێژنەکانی کلیسا و دەوڵەتی فیۆداڵی- خەڵك هەر لە ناخی دۆخی زاڵدا رادەگرن، ئەم دووهەمین ژیانە ناخولقێنن. هەروەها بێجگە لە ستایشکردن و پیرۆزکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی زاڵ کارێکی تر ناکەن... روانینی جێژنی رەسمیی بەکردەوە بەرەو رابردووەو لە رابردوو بۆ پیرۆزکردن و پتەوکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی خۆی بەهرە دەبات... جێژنی رەسمی (دەوڵەتی) سەرکەوتنی هەقیقەتی رەها و دەسەڵاتدار بوو کە رواڵەتی هەقیقەتێکی هەتاهەتایی، حەتمییو لەشکان نەهاتووی بەخۆوە دەگرت. سەرئەنجام دەبێ لەحنی ئەم جێژنە تەنیا لەحنی جدیی لەشکان نەهاتوو بێت، بەجۆرێك کە بنەمای کومیك لەگەڵ ئەو بێگانە بوو. بەمجۆرە جێژنی رەسمی، سرووشتی هەقیقی، جێژنی مرۆڤی چەواشە و پێچەوانە دەکرد...

بەپێچەوانەی جێژنی رەسمی، کەرنەڤاڵ سەرکەوتنی جۆرێك رزگاریی کاتی لە ئاست هەقیقەتی زاڵ و سیستمی دەسەڵاتدار بوو، کە لەودا بەشێوەی کاتی هەموو یاساو رێساو پێوەندیی چینایەتیو ئیمتیازەکان دەفەوتان. جێژنی راستەقینەی زەمەن، جێژنی ئاڵوگۆڕو هەڵداچوونو نوێبوونەوە بوو. جێژنی خەڵکی، لەگەڵ هەر جۆرە تاهەتاییکردنو ئەنجامو کۆتاییەك دژایەتیی دەکردو بەرەو داهاتوویەکی ناتەواو دەڕوانی.

رەتکردنەوەی هەموو پێوەندییەکی چینایەتی گرنگیی هەرە تایبەتی هەبووە. لە راستیدا لە جێژنە رەسمی (دەوڵەتی)یەکاندا بەئەنقەست جیاوازیی چینایەتی بەرجەستە کراوە... ئامانجی ئەم جێژنانە پتەوکردنی نایەکسانی بووە، بەپێچەوانەی کەرنەڤاڵ کە لەودا هەمووان بەرابەر حساب دەکرانو جۆرێکی تایبەت لە پێوەندیی ئازادو دۆستانە لەنێوان تاکەکاندا هەبوو، کە لە ژیانی ئاساییدا بە ئاستەنگی نەگۆڕی دۆخی کۆمەڵایەتی، سامان، پۆست، تەمەن و دۆخی

بنەماڵەیی لە یەکتر جیابوون.

ئەم پێوەندییە ئازادو دۆستانە، بەپێچەوانەی پۆلینبەندی سیستمی فیۆداڵی و دابەشبوونی خەستی چینوتوێژ و پیشەکان لە ژیانی رۆژانەدا، بە هەست و شەوقەوە دروست بووە و وەك بەشێك لە جیهانبینیی کەرنەڤاڵی دەوری بینیوە. گوایە تاك لە ژیانێکی تر بەهرەمەند بووە کە پێوەندییەکی تازەو تەواو مرۆڤانەی بۆ ئەو و کەسانی تر فەراهەمکردووە. لەخۆنامۆیی بەشێوەی کاتی نەماوە. مرۆڤ سەرلەنوێ وشیاربۆتەوەو خۆی وەك مرۆڤێك لە نێو کۆمەڵدا هەست کردووە. هیۆمانیزمێکی بەرچاو کە تیشکی خۆی بەسەر پێوەندیی تاکەکاندا هاوشێوە، قەت شتێکی خەیاڵی، یان بەرهەمی ئەندێشەی ئابستراکت نەبووە، بەڵکو لەم پێوەندییە زیندووە مادی و کونکرێتەدا چەسپاوەو هەستکراوە. لە جیهانبینیی کەرنەڤاڵیدا کە لە جۆری خۆیدا بێهاوتایە، ئامانجی فانتازی و واقعی بەشێوەی کاتی تێکەڵ بوون.

لە ئاکامدا ئەم رەتکردنەوە فانتازی و هاوکات واقعییەی پێوەندیی چینایەتیی نێوان مرۆڤەکان لە شوێنە گشتییەکاندا جۆرێکی تایبەت لە پێوەندی پێکهێناوە، کە لە کاتی ئاساییدا بە خەونیش نەبینراوە. لە درێژەی کەرنەڤاڵ لە شوێنە گشتییەکاندا، چەندین فۆرمی تایبەت لە وشەکانو حاڵەتی ئازادو ئاشکرا پەرەی سەندووە، کە هەر جۆرە مەودایەکی نێوان خەڵکی سڕیوەتەوەو لە نۆرمو نەریتو ناوو ناتۆری باو ئازاد بووە. هەر ئەم پرسە ستایلی زمانی کەرنەڤاڵی شوێنە گشتییەکان، کە لە بەرهەمەکانی رابلێدا بەزۆری دەبینرێ، خوڵقاندووە.

کەرنەڤاڵی چاخی نێوەراست پاش چەندین سەدە ئاڵوگۆڕ کە بەرهەمی نەریتی کومیکی لەمێژینەو هەزاران ساڵەبوو، زمانێکی تایبەتی بۆ دەربڕینی فۆرمو هێماکانی کەرنەڤاڵ خوڵقاندووە، زمانێکی ئێجگار دەوڵەمەند کە دەتوانێ جیهانبینیی شازو لەهەمانکاتدا قووڵ و ئاڵۆزی کەرنەڤاڵی خەڵك بەیان بکات. ئەم روانگەیە کە لەگەڵ هەموو شتێکی حازرو ئامادە و کۆتایی هاتووە، لەگەڵ هەر چەشنە دیاردەیەکی نەگۆڕو هەتاهەتایی دژایەتیی دەکرد، بۆ بەیانکردنی هەموو فۆرمێکی دەربڕینی ئەکتیڤو بگۆڕ، چالاکو بزۆز، پێویست بوو. هەر بەم هۆیە هەموو فۆرمو هێماکانی زمانی کەرنەڤاڵی تەژی لە شەوقی هەڵداچوون و ژیانەوە و وشیاری بوو، کە رێژەیی بوونی شادیبەخشی راستییەکانو دەسەڵاتی زاڵی بەیان دەکرد... دووهەمین ژیان، دنیای دووهەمی کولتووری جەماوەری، تا رادەیەك وەك تەقلیدی گاڵتەیی ژیانی ئاسایی، وەك «دنیای پێچەوانە» پێکدەهات. سەرەرای ئەمەش دەبێ لە بیرمان بێت کە تەقلیدی گاڵتەیی کەرنەڤاڵی لە تەقلیدی گاڵتەیی تەواو نیگەتیڤو رواڵەتی مودێرن زۆر جیاوازە. لە راستیدا یەکەمیان هاوکات لەگەڵ رەتکردنەوە، داهێنانو بوژانەوە دەخولقێنێ. رەتکردنەوەی پەتیو سادە بەگشتی لەگەڵ کولتووری جەماوەر تەواو بێگانەیە.

رابلێ هەر ئەم زمانەی فۆرمو هێماکانی کەرنەڤاڵی بەکارهێناوە، بەبێ دەرکی وردی ئەم زمانە، ناتوانین پێکهاتەی وێنەکانی رابلێ دەرك بکەین.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵێك لەمەڕ سرووشتی ئاڵۆزی خەندەی کەرنەڤاڵی بکەین. ئەم خەندەیە بەر لە هەر شتێ خەندەی جێژنە، کەوابوو دژکردەوەیەکی تاکی لەئاست دیاردەیەکی ئابستراکت نییە. خەندەی کەرنەڤاڵی لە پلەی یەکەمدا بەرهەمی کۆمەڵانی خەڵکە.. لە کەرنەڤاڵدا هەمووان پێدەکەنن، ئەم خەندەیە خەندەیەکی «گشتی»یە، لە پلەی دووهەمدا خەندەیەکی گشتگیرەو هەموو شتەکان، هەموو تاکەکان (هەموو بەشدارانی کەرنەڤاڵ) دەگرێتەوە، تێکرای دنیا بەشێوەی کومیك دەردەکەوێو رەهەندی کومیك و رێژەیی و شادیبەخشی ئەو ئاشکرا دەبێو دەناسرێ. سەرئەنجام ئەم خەندەیە دوو چەشنییە: شادی خولقێنو نەشئەبەخشە، بەڵام لەهەمانحاڵدا گاڵتەیی و گەزندەیە، هاوکات رەتدەکاتەوەو دەسەلمێنێ، دەنێژێو دەژێنێتەوە.

تایبەتمەندییەکی گرنگی خەندە لە جێژنی خەڵکدا شیاوی سەرنجە: ئەم خەندەیە خودی گاڵتەکارانیش دەگرێتەوە. خەڵك خۆیان لەو دنیایە کە بەتەواوی تێکەڵاوی گۆڕان بووە، جیاناکەنەوە. خودی خەڵکیش ناتەواو و گەشەنەکردوون، لەهەمانکاتدا کە دەمرن، دووبارە زیندوو و تازە دەبنەوە. ئەم خاڵە یەکێ لە گرنگترین جیاوازییەکانی خەندەی جێژنی خەڵك لە ئاست خەندەی هەجوی سەردەمی مۆدێرن دیاری دەکات. نووسەری هەجوبێژ، کە تەنیا لەگەڵ خەندەی

نیگەتیڤ ئاشنایە، لە دەرەوەی بابەتی گاڵتەی خۆی جێگیر دەبێ و لەگەڵ ئەو دژایەتی دەکات. سەرئەنجام گشتێتیو یەکپارچەیی رەهەندی کومیکی دنیا تێکدەشکێ و دیاردەی گاڵتەیی (نیگەتیڤ) وەك دیاردەیەکی تایبەت دەردەکەوێ. بەڵام خەندەی جەماوەری دوو ویستی پیشاندەری تێکرای دنیای روو لە گۆرانە کە خودی گاڵتەکارانیش لەبەر دەگرێت.

رابلێ گەورەترین بیرمەندو لوتکەی خەندەی کەرنەڤاڵی جەماوەریی لە ئەدەبیاتی جیهانیدایە. بەرهەمەکانی ئەو تێگەیشتن لە سرووشتی قووڵ و ئاڵۆزیی ئەم خەندەیە بۆ ئێمە هەموار دەکات.

ئەدەبیاتی کومیکی چاخی نێوەراست پاش سەردەمێکی درێژ -زیاتر لە هەزار ساڵ- گەشەی کردووەو بێگومان بە درێژایی ئەم سەردەمە ئاڵۆگۆڕی قووڵی بەخۆوە بینیوە. ژانری جۆراوجۆرو ستایلی جیاواز دەرکەوتوون. سەرەرای هەموو جیاوازیی سەردەمەکان و ژانرە ئەدەبییەکان، ئەم ئەدەبیاتە -کەم تا زۆر- وەك دەربڕی جیهانبینیی خەڵکی و کەرنەڤاڵی ماوەتەوەو زمانو فۆرمو هێماکانی ئەوی بەکارهێناوە.

* * *

زۆرجار لە بەرهەمەکانی رابلێدا گرنگیی شازی بنەمای ژیانی مادیو جەستەیی دەستنیشان دەکەن: وێنەکانی جەستەی مرۆڤ، خواردن، خواردنەوە، دامرکانی نیازە سرووشتییەکانو ژیانی سێکسی. جگە لەمەش هاوکات لەگەڵ ئەم وێنانە ئێجگار زێدەرۆییش دەکەن. ئەم دیمەنانە کە لەگەڵ بنەمای مادیی بەرهەمەکانی رابلێو (نووسەرانی دیکەی رێنێسانس) پێوەندییان هەیە، میراتی... کولتووری کومیکی جەماوەری، میراتی جۆرێکی تایبەت لە وێنەکان و بەشێوەی بەرینتر، میراتی دیدگای ستاتیکی تایبەتی ژیانی پراتیکین کە فەرهەنگی جەماوەریی دیاری دەکەنو لەگەڵ دیدگای سەدەکانی دواتر (پاش کلاسیزم) تەواو جیاوازن. ئێمە ئەم دیدگایە بە ریالیزمی گروتسك ناودێر دەکەین.

لە ریالیزمی گروتسك دا، (یانی لە سیستمی وێنەکانی کولتووری کومیکی جەماوەرییدا) بنەمای مادی و جەستەیی، لەگەڵ رەهەندی بەرفراوانی جێژنو خەونەکانی خەڵك دایە. هۆکاری گەردوونی، کۆمەڵایەتیو جەستەیی، بەشێوەی یەکەیەکی تۆکمەو زیندوو، لەگەڵ یەکتر پێوەندیی قووڵیان هەیەو ئەم یەکەیە شادیبەخشو دڵخۆشکەرە.

لە ریالیزمی گروتسکدا توخمی خۆرسکی مادیو جەستەیی بنەمایەکی تەواو پۆزەتیڤە، کە نە حاڵەتیکی خۆویستانەی هەیەو نە بەهیچ شێوەیەك لە رەهەندەکانی تری ژیان دابراوە. بنەمای مادیو جەستەیی گشتگیرەو لەگەڵ پێکهاتەی جەماوەر پێوەندیی هەیە، هەر بەم هۆیە لەگەڵ هەرجۆرە دابرانێك لە ریشەی مادیو جەستەیی دنیا، لەگەڵ هەرجۆرە ئیزولەبوونو لە کەوڵی خۆدا رۆچوون، لەگەڵ هەرجۆرە خەسڵەتی خولیایی ئابستراکت، لەگەڵ هەر چەمكو مانایەکی جیاوازو سەربەخۆ لە زەمین و جەستەی مرۆڤ دژایەتی دەکات...

وتەبێژی بنەمای مادیو جەستەیی، لێرەدا مرۆڤێکی سرووشتی دابراو یان تاکێکی بورژووای خۆپەرست نییە، بەڵکو کۆمەڵانی خەڵکن، جەماوەرێك کە لە درێژەی ژیانی خۆیاندا بەردەوام گەشە دەکەنو دابونەریتەکانیان نوێژەن دەکەنەوە.

تایبەتمەندیی بەرجەستەی ریالیزمی گروتسك بریتییە لە دابەزاندن، یانی هێنانی هەموو شتە بەرزو مەعنەویو خەیاڵیو ئابستراکتەکان بۆ دنیای مادیو جەستەیی، بۆ دەڤەری زەمین و جەستە لە یەکێتیی تۆکمەیاندا... خەندەی جەماوەری کە هەموو فۆرمەکانی ریالیزمی گروتسك سامان دەدات، بەردەوام بە زەمینی مادیو جەستەییەوە بەستراوە. خەندە دیاردەکان مادیو خاکی دەکات.

ئاڵۆزیی ریالیزمی رنێسانس هێشتا بە رادەی شیاو روون نەبۆتەوە. لەم ریالیزمەدا دوو جیهانبینی لەگەڵ یەکتر ململانێ دەکەن: جیهانبینیی یەکەم کە پێوەندیی بە کولتووری کومیکی جەماوەرییەوە هەیە، ئەویدی جیهانبینیی ژیانی پەراکەندەی ئێستا کە سرووشتێکی تەواو بۆرژووایی هەیە. هەڵداچوونەکانی ئەم دوو تەوەرە دژوازە، نموونەی ریالیزمی رنێسانسە..

ئەگەر ریالیزمی گروتسك پشتگوێ بخەین، نە تەنیا ناتوانین بە دروستی ریالیزمی رێنێسانس دەرك بکەین، بەڵکو ناشتوانین زۆربەی دیاردە هەرە گرنگەکانی قۆناغەکانی دواتری ریالیزمیش بە وردی راڤەبکەین. هەموو بواری ئەدەبیاتی ریالیستی ئەم سی سەدەیەی

دوایی پڕاوپڕە لە پاشماوەکانی ریالیزمی گروتسك... تەنیا بە یارمەتیی ریالیزمی گروتسك دەتوانین بەهای هەقیقیی پاشماوەکان یان فۆرماسیۆنی زیندووی گروتسك دەرك بکەین.

دیمەنی گروتسك دیاردەکان لە حاڵەتی ئاڵوگۆڕ، توانەوەی هێشتا ناتەواو، لە قۆناغی مەرگو ژیانەوەو گەشەو گۆڕاندا پیشان دەدات.

رابلێ رەسەنترین و شێلگیرترین بیرمەندە کە بۆچوونی گروتسك لەمەڕ جەستەی مرۆڤ تیۆریزە دەکات. ئێمە دەستەواژەی ریالیزمی گروتسك-مان بۆ جۆرێکی شاز لە وینەکان کە تایبەت بە کولتووری جەماوەرین لە هەموو فۆرمەکانیدا، هەڵبژاردووە. سیستمی وێنەکان لە کولتووری کومیکی جەماوەریی چاخی نێوەڕاستدا نیشانەی پشکووتنی ریالیزمی گروتسك و تەشقی هونەریی ئەم ریالیزمە و ئەدەبیاتی رێنێسانسە. خودی وشەی گروتسك-یش، کە سەرەتا مانایەکی بەرتەسکی هەبوو، هەر لەم کاتەدا سەریهەڵدا. لە کۆتایی سەدەی پازدەهەمدا، پاش هەڵکۆڵینی زەمین لە شاری رۆم، جۆرێکی تایبەت لە نەخشو نیگاری تا ئەوکات نەناسراو، دۆزرایەوە. ئەم جۆرە نیگارانەیان بە(La grottesca) ناودێرکرد... ماوەیەك دواتر ئەم جۆرە نیگارە لە شوێنەکانی دیکەی ئیتالیا دۆزرایەوە... ئەم دیمەنانە بە بزاڤی بوێرانە، ئازادانەو خولیاگەرانەی فۆرمە گیایی حەیوانیو مرۆڤییەکان کە تێکەڵ بە یەکتر دەبوونو بۆ یەکتر دەگۆڕان، خەڵکی ئەو سەردەمەیان تووشی سەرسوورمان کرد. لەم دیمەنانەدا سنوورە دیارو قەتیسەکان کە ئەم «بوارانەی سرووشت» لە مەنزەرەی ئاسایی جیهاندا دابەش دەکەن، نابینرێن: لە دیمەنی گروتسکدا ئەم سنوورانە بوێرانە تێکدەشکێن. لە نواندنی راستییەکاندا وەستانو قەتیسمان، کە ئەو سەردەمە باو بوو، نابینرێ: بزاڤ، ئیتر بزاڤی شتە ئامادە -گیاییو ئاژەڵی-یەکان، لە دنیایەکی قەتیس و نەگۆڕدا نییە، بەڵکو وەك بزاڤی دەروونی گەوهەری هەستی (وجود) دەردەکەوێ و لە ئاڵوگۆڕی دیمەنەکان لەم وێنەوە بۆ ئەو وێنەو لە بەردەوامیی هەمیشەیی هەستییدا دەردەکەوێ. لەم هونەرەدا جۆرێك ئازادیو خێرایی دەگمەن لە خولیاگەریدا هەست پێدەکرێو هەروەها ئەم ئازادییە وەك بوێری شادیبەخشو کومیك دەردەکەوێ... فۆرمی گروتسکی کەرنەڤاڵی، بوێریی داهێنان دەبزوێنێ، کۆبوونەوەی توخمە دژوازەکان و نزیکبوونەوە لە شتە دوورەکان هەموار دەکات، دەرفەتی رزگاری لە روانگەی زاڵ لەمەڕ جیهان، لە هەر کونتراکتێ، لە هەقیقەتی زاڵو لە هەموو شتێکی گەندەڵو رزیو و گشتی، هەموار دەکاو سەرئەنجام وەها دەرفەتێك دەرەخسێنێ کە بە روانگەیەکی تازە سەیری جیهان بکەین و تێبگەین کە هەموو شتەکان رێژەیینو دەکرێ نەزمێکی جیهانیی تەواو جیاواز بخوڵقێنین... لە راستیدا گروتسك لەوانە گروتسکی رۆمانتیك دەرفەتی جیهانێکی تەواو جیاواز، دەرفەتی نەزمێکی جیهانی جیاوازو پێکهاتەی ژیانێکی جیاواز ئاراستەدەکاو سنوورەکانی یەکێتی، تابۆکان، نەگۆڕی (درۆیینە)ی دنیای ئێستا دەبەزێنێ... لە گروتسکدا رێژەیی بوونی هەموو شتەکان، هەمیشە شادی بەخشە...

لە راستیدا گروتسك لە هەموو فۆرمەکانی پێویستی نامرۆڤی کە ئەندێشەی زاڵ لەمەڕ جیهانیان سیخناخ کردووە، رزگار دەبێ. گروتسك ئەم پێویستییە بە رێژەییو سنووردار دەزانێ و تووری دەدات. لە هەر دیمەنێك لەمەڕ جیهان کە لە سەردەمێکی تایبەتدا زاڵبووە، پێویستی بەردەوام وەك شتێکی جدی، حەتمی و رەها دەرکەوتووە. بەڵام لە رووی مێژووییەوە، مانای پێویستی بەردەوام رێژەییو بگۆڕە. بنەمای خەندەو جیهانبینیی کەرنەڤاڵی کە بنەماکانی گروتسکن، جدیبوونی یەك لایەنەو هەر بانگەشەیەك لەمەڕ مانا یان حەتمیبوونی بەدەر لە زەمەن تێکدەشکێنێو وشیاریو ئەندێشەو ئینتمای مرۆڤەکان کە بۆ دەرفەتێکی تازە ئامادە دەبن، ئازاد دەکات. هەر بەم هۆیە چەشنێك «کەرنەڤاڵیکردنی» وشیاری، بەردەوام بۆ وەرچەرخانە گەورەکان، تەنانەت لە بواری زانستیشدا، پێشتر سەرهەڵئەداو زەمینەیان بۆ خۆش دەکا...

گەلاڵەو راڤەکردنی پرسی گروتسكو گەوهەری ستاتیکی ئەو، تەنیا بەپێی ماتریاڵی کولتووری جەماوەریی چاخی نێوەڕاست و ئەدەبیاتی رنێسانس هەموار دەبێ و لەم بوارەشدا بەرهەمەکانی رابلێ ئێجگار کارامەیە...

ئێمە دڵنیاین کە وشەی «گروتسك»، بۆ ناودێرکردنی ژانرێکی تایبەت لە وێنەکانی فەرهەنگی جەماوەریی چاخی نێوەڕاست و ئەدەبیاتی رنێسانس کارێکی

ئێجگار شیاوە. بەڵام ئایا چەمکی «ریالیزمی گروتسك» چەمکێکی گونجاوە ؟...

بەدڵنیاییەوە ئەو تایبەتمەندییانەی کە گروتسکی رنێسانس‌و چاخی نێوەراست، لە گروتسکی رۆمانتیك‌و مودێرنیست، جیادەکەنەوە -لەوانە دەرکی خۆرسکی ماتریالیستی‌و دیالکتیکی لەمەڕ ژیان- دەکرێ بە ریالیستی ناودێر بکرێن. شرۆڤەی کونکرێتی ئێمە لەمەڕ وێنەکانی گروتسك، دروستی ئەم گریمانە دەسەلمێنێ.

دیمەنەکانی گروتسکی رێنیسانس، کە لەگەڵ کولتووری جەماوەریی کەرنەڤاڵیدا پێوەندیی راستەوخۆیان هەیە (بەرهەمەکانی رابلێ، سروانتس، شترن) لەسەر هەموو نەریتی مەزنی ئەدەبیاتی ریالیستی سەدەکانی دواتر کاریگەریی قووڵی هەبووە. ریالیزمی پڕ شەوقی (بەلزاك، ستاندال، هوگۆ، دیکێنز و کەسانی تر) بەردەوام پێوەندیی (راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ)ی لەگەڵ نەریتی رێنیسانس هەبووەو ئێمە دڵنیاین پچڕانی ئەم پێوەندییە، ریالیزم تووشی فەوتان دەکا و لە داوی ئەمپریزمی ناتورالیستیدا دەیرزێنێ...

لە سەدەی بیستەمدا جۆرێك بوژانەوەی تازەو بەهێزی گروتسك دەبینین، هەرچەند وشەی «بوژانەوە» لەمەڕ هەندێ لە فۆرمەکانی گروتسکی بان مودێرن بەکارنایەت.

مەنزەرەی ئاڵوگۆڕی گروتسك ئێجگار ئاڵوز و دژوازە. سەرەرای ئەمەش دەتوانین دوو رەوتی سەرەکی دەستنیشان بکەین. رەوتی یەکەم، گروتسکی مۆدێرنیست (ئالفرێد ژاری، سووریالیستەکان و ئێکسپرسیۆنیستەکان و...) دەگرێتەوە و نەریتەکانی گروتسکی رۆمانتیك (بە رێژەی جیاوان) دەگرێتەبەر.

ئێستا ئەم گروتسکە لە ژێر کاریگەریی رەوتە جیاوازەکانی ئیگزیستانسیالیزمدا پەرەدەستێنێ. رەوتی دووهەم، گروتسکی ریالیستە (توماس مان، برتوڵد برێشت، پابلۆ نرۆدا و...) کە درێژە بە نەریتی ریالیزمی گروتسك و فەرهەنگی جەماوەری دەداو هەندێ جار کاریگەریی راستەوخۆی شێوازەکانی کەرنەڤاڵ دەگێرێتەوە (پابلۆ نرۆدا).

ئامانجی راستەوخۆی تۆژینەوەکەی ئێمە کولتووری کومیکی جەماوەری نییە، بەڵکو بەرهەمەکانی فرانسو وا رابلێیە. لە راستیدا کولتووری کومیکی جەماوەری بێپایانە و جیلوەکانی ئەو ئێجگار جیاوازو بەرفراوانە. لەم بابەتەوە مەبەستی ئێمە تەنیا کاری تیۆرێکە و دەمانەوێ یەکێتی و تۆکمەیی، ماناو سرووشتی قووڵی ئەندێشەی ئەم کولتوورە، یانی بەهای جیهانبینی‌و بەهای جوانیناسیی ئەو راڤەبکەین. بۆ ئەم مەبەستەش باشترین کار خوێندنەوەی بەرهەمەکانی رابلێیە. ئەم بەرهەمانە بۆ دەرکی قووڵی گەوهەری کولتووری کومیکی جەماوەری ئێجگار کارسازو بێ هاوتان. ئەو دنیایە کە رابلێ خوڵقاندوویە، یەکێتیی ناوخۆیی هەموو تۆخمە جیاوازەکانی ئەم کولتوورە زۆر بە رۆشنی بەیان دەکات، چونکە لە راستیدا، بەرهەمەکانی رابلێ، ئەنسکلوپۆدیای کولتووری جەماوەرییە.

**سەرچاوە:**


درامدی بر جامعەشناسی ادبیات، ادورنو، باختین، لوکاچ، گلدمن، گرامشی و... گزیده و ترجمه: جعفر پوینده، نشر نقش جهان، تهران ١٣٧٧، صص ٤٩٩-٥١٢.